# شاخەوان عارف ڕاهێنەری لاوانی یانەی بروسک

## پێشتر

**شاخەوان عارف یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر، لە دایکبووی شاری هەولێرە و تەمەنی ٣١ساڵە، دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشـــییە، ئێستا مامۆستای وەرزشە و ماوەی چەند مانگێکە هاتۆتە ریزی یانەی بروسك، مەشق بە تیپی لاوانی یانەکە دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی ئەمســـاڵی خولی کوردستان لە چ ئاستێك بوو؟**

-بەشێویەکی گشتی تیپەکان ئاستیان لێك نزیك بوو، خولێکی بەهێز بوو لە گشت ڕوویەك.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم خولە؟**

- خولەکــە بکرێتە دوو قۆناغ زۆر باشــترە بۆئەوەی یاریزانان سوودی لێ ببین.

***چۆن بوو بویتە راهێنەری یانەی بروسك؟**

-دوای ئــەوەی بە بڕیاری خۆم دەســت لە کارکێشـــانەوەی یانـــەی ئاســـۆم ڕاگەیاند، ســـەرکەوتنی ئامانجەکانم لە یانەی بروسك ڕەنگـــی دەدایەوە، بۆیە پێم بـــاش بوو بچمە یانـــەی بروســـك، چونکە خاوەن دەســـتەی کارگێڕیەکی وەرزشییە.

*** تۆ کوڕی یانەی ئاســـۆی بوویت، چۆن بوو ئەو یانەیەت جێهێشت؟**

-حەز ناکەم بە هیچ شێویەك باسی یانەی ئاســـۆ بکەم، هۆکارێـــك هەبوو پێوەندی بەخۆمەوە هەبوو، ئەوان برای منن، حەز ناکەم ئەو لاپەڕەیە هەڵدەمەوە.

***تەمەنـــت بچـــووك بوو، چـــۆن بوو بڕیاری وازهێنانت لە یاری کردن دا؟**

- ئێستاش زۆرجار باس دەکەم، بەخت دژم بووە لە ژیانی وەرزشـــیم، دیارە قسەمەتەکەم هەر ئەوە بووە، دوا ساڵ لەگەڵ یانەی ئاســـۆ تووشی پێکان هاتم، ئـــەوەش چەند جارێك دووچارم بۆوە، دواتریش یانەکـــەم دابەزی بۆ پلە یەك و خۆشـــم نیـــازم هەبوو لە مانچستێر بخوێنم، بۆیە بڕیاری واز هێنانم دا.

***کێشە و گرفتان لە یانەکەتان چییە؟**

-هیـــچ کێشـــەیەکمان نییە تەنیـــا نەبوونی یاریگایەکی فریزی دەســـتکردە، کە زۆرجار لە سەرمای زســـتان یاریگای فریزمان نییە مەشـــقی لێ ئەنجـــام بدەیـــن، بودجەیەکمان هەیە بۆ تیپەکە سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەیـــن، زۆر هاوکاریمان دەکات. پێویستە بەرپرســـەکانیش بەیەك چاو سەیری هەموو یانەکان بکەن.

***چـــۆن یاریزان دەستنیشـــان دەکەن، بۆتیپی لاوان؟**

- هەمیشە پشت بە یاریزانی بە جولە دەبەستم، لـــە تیپە میللییـــەکان و یاریـــگاکان یاریزان دەستنیشان دەکەین.

***بیستوومانە چەند یانەیەك داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لێکردوی؟**

-بەڵێ چەندیانەیەکی پلـــە نایاب و پلە یەك داوایان لـــێ کردوم، بەڵام مـــن هەر حەز لە یانەی بروســـك دەکەم، تەمەنێکی دوورودرێژم لەگەڵ یانەی ئاسۆ بەڕێ کرد، حەزیش دەکەم دوو ئەوەنـــدی ئەو تەمەنـــەم خزمەتی یانەی بروســـك بکەم، ئەگەر ئەوان پێویستیان بەمن بێت، چونکە من کوڕی ئەو یانەیەم.

***هیوات چییە لەگەڵ یانەی بروسك؟**

-هیوا سنووری نییە بەهیوام بتوانم ئەنجامی باش لەگەڵ یانەی بروســـك بەدەســـت بهێنم، کۆمەڵێك خەونم هەیە لەگەڵ ئەو یانەیە.

***دەڵێن لە پڕۆژەی گۆڵیش ڕاهێنەری؟**

-بەڵی لەو پڕۆژیەش وەکو ڕاهێنەر کاردەکەم، کۆمەڵێك یاریزانم هەیە.



# قەیس بلباس راهێنەری تیپی چوارچرای کوردستان لە نەرویج

## پێشتر

***هۆکاری سەرکەوتنەکەوتن لە خولی نەرویجی بۆپلە پێنج بۆچی دەگەرێتەوە ؟**

- بەراستی ئێمە لە گروپێکی زۆر بەهێز دابوین،لەبەر ئەوەی یاسـای تۆپی پێ نەوریجی گۆڕا بوو،لە پلە سـێ ١٨تیپیان گەراندەوە بۆپلە چوار لە پلە چواریش ١٨تیپ بۆپێنج و تاکو پلە هەشت بەم شێوەیە بوو،ئێمە لە پلە شـەش کە بەشدارین توانیمان لە چوارگۆشەی زێریـن بمێنینەوە لـە کۆمەلی ئێمـەش یەك تیپ بەسـەردەکەوت بۆیە تاەنیا توانیمـان بمێنینەوە نەمان تاوین سەرکەوین بۆپلە پێنجی نەوریجی .

***ئەمساڵ بەنیازن بەشداری پاڵەوانەتی نۆروای کوپ بکەن ؟**

-نە خێر بەشـداری ناکەین،چونکـە وەزارەتی وەرزش ولاوان نەما کـەس پشـتگیریمان ناکات،بۆیە نەمان توانـی بەردەوام بین لـەم پاڵەوانەتیە چۆن پەیوەندی بکەین،چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆئەم پاڵەوانەتیە .

***ئـەی پەیوەندیتـان لەگـەڵ یەکێتـی تۆپی پێ کوردستان نەکردوە؟**

-نەخێر،بەڵام ئەگەر یەکێتی تۆپی پێ کوردستان پێان خۆش بێت،ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە پەیوەندی بکەین بۆهاوکاری کردنی یەکتری،بۆئەوەی خۆمان بەهێزتر بکەین پشـتگیری ئەوان بۆئێمە مادی و مەعنەوی گەورەیە لە رێـگای رووداوەوە هیوای ئەوەمان هیەیە یەکتری بناسین و بۆهاوکاری کردنی یەکتری .

***داواتـان لە حکومەتـی هەرێم نەکـردوە بۆئەوەی هاوکاریتان بکات ؟**

-نەخێر چونکە ئـەوەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئێمە پەیوەندیمان لەگەل وەرزارەتی وەرزش ولاوان بەهێز بوو بە تایبەتی کاك تەهابـەرواری زۆر خزمەتی ئێمەی دەکرد،بـەڵام دوای نەمانی کاك تەهـا ئێمە نازنانین کێ بەرپرسە لە وەرزش کە ئێمەش دابراین لە وەرزشی کوردستان .

***دەنگۆیـەك هەیـە کـە دەڵـێ، یانەکەی ئێوە نەماوە ؟**

-نە خێر ئەم قسانە تەنیا پروپاگەندەیە،لە ولاتی نەرویج بەفەرمی دووتیپی کـوردی هەیە ئەویش چوارچرا و کوردستان فتبۆل کلوپە هەردوویانە لەپلە شەشین.

***کێ یارمەتی یانەی چوارچرادەدات ؟**

-کەس یارمەتی ئێمە نادات کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا لەسەر پێ خۆمان دەروین بەرێوە ئێمە بەۆخمان خزمەتی خۆمان دەکەین،ئێمە لە دەرگای هەموو کەسێك دەکەین بۆئەوەی یارمەتیمان بدات .

***داواکاریتان چیە لەبەرپرسانی کوردستان؟**

-ئێمە شـانازی بە حکومەتی کوردستان دەکەین بۆیە داواکارین پشتگیرمان بکات .

***پەیوەندیتان لەگەڵ یانەی هەولێر نەکردوە بۆئەوەی یاریزانی بەتوانای پێ بدەن؟**

-من پەیوەندیم زۆر بەهێـزە لەگەل کارگێرانی یانەکە ویەکـە یەکـی یاریزانانی یانەکە بەڵام تاکو ئێسـتا نەگەیشـتوینەتە ئەوەی رێکەوتێنێکی فەرمی بکەین لە نێوان هەردوو لامان،وتیشـی ئەمساڵ یاریزانێکم بە ناوی ئـازاد کوردی رۆژ هەڵات لـە یانەیەکی پلە دووی نەوریج وەرگیرا کە گۆلکاری خولی یانەکانی نەوریج بوو،ئەوە شـتێکی چاکە کەوا یاریزانیێ:ی وا بەتونا خزمەتێکی یانەیەکی کوردی بکات ئەگەر ئەو پەیوەندیە لە رێگای روداو دروست بێت زۆر باشترە .

***برەنامەتان چیە وەکو یانەی چوارچرا؟**

- ئێمـە هەولمـان ئەوەیە بتوانین ئـەو پەیوەندیەمان لەگەڵ بەرپرسـانی وەرزشی کوردستان دروست بێتەوە لەرێگای روداوەوە بۆهـاوکاری کردنمان .هیوای من ئەویە بتوانم یاریزانی نوێ دروست بکەم .

***بۆچـی خۆتان بـە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردسـتان نەناساندوە بۆهاوکاریی کردنتان؟**

-کاتی خۆم بە مـەلا بەختیارم وت لە نەرویج ناوبراو زۆر بەرێـزەوە وتـی ئەگەر هاوکاریتـان ویست من لە خزمەت دام،بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرقاڵ بو خەلکێکی زۆر لە دەوری بوو نەمان توانی درێژە بە قسە کانمان بدەین،بۆیە ئێستا ئەگەر لەرێگای روداوە بێت باشترە بۆدروست بوونەوەی ئەم پەیوەندیە بۆئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردسـتان پەیوەندی دروست بکەین.

***ئێسـتاش لە نەوریج بە ئاڵای کوردستان بەشداری خولەکان دەکەن؟**

-بەلێ ئێمە پێش هەموو یارییەك سوێند بەخوا سوێند بە گۆری شـەهیدان و سـوێند بە کوردو کوردستان یارییەکانمان ئەنجام دەدەین.ئەوە سوێندی یاسایمانە

***لە کۆتای ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- ئێمـە لە نەوریج تەنیا دوبرای بەرێزم کاك سـورێن وسـیزارکارگێرانی یانەکەمان زۆر هـاوکاری یانەکە دەکەن خۆبە خشـیی کاردەکەن .سوپاسـی گۆڤاری گولان دەکەم،کەوا هاوکاری وەرزشوانان دەکات.





قیس بلباس لەدایك بوی سـاڵی ١٩٧٣ی شاری هەولێر ئێسـتا دانیشوی ولاتی نەرویجە وخاوەن دووبروانامەی راهێنەریە وماوەیەکیشە راهێنەری تیپی چوارچواری کوردستانە لە ولاتی نەوریج کە بەشداری خولی نەوریجیە لە بارەی هۆکاری داویان گۆرنکاریەکان و سەرنەکەتونیان بۆریزەکانی تر ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.

### کارلین کاردیلۆ یاریزانی تێنسی سەرمێزی هەڵبژاردەی پۆرتەریکۆ

# کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆش و جوان و پێشکەوتووە





کارلین کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانەو لە وڵاتی پۆرتەریکۆ لە یەکێك لە وڵاتە دراوسێیەکانی ئەمریکایە، بەتەنیا هاتۆتە کوردستان بۆبەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی تێنسی سەرمێزی جیهانی، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

***چۆن بوو بە تەنیا هاتیە کوردستان؟**

- خۆم ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بۆ یاری تێنس، بۆیە خۆشەویستی ئەو یارییە وایلێکردم بێم بۆ بەشداریکردنی ئەو پاڵەوانیەتیە.

***ئاستی پاڵەوانیەتیەکە چۆن بوو؟**

-ئاستی پاڵەوانەتیەکە زۆر بەرز بوو، بە تایبەتی تیپەکانی میسر و سوێد زۆر ئاستیان بەرز بوو. رێکخستنێکی باشی بۆکرابوو.

***بۆتۆ کارێکی ئەستەم نەبوو لەم وڵاتە دوورە بێیتە کوردستان بۆپاڵەوانیەتیەکی وا؟**

-نەخێر من پێش ئەوەی بێمە کوردستان لە وڵاتی سوێد لە خۆئامادەکردن بووم بۆئەو پاڵەوانەتیە، بۆیە لەوێشەوە راستەوخۆ هاتمە کوردستان.

***ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەڕاستی ئاستی وەرزشی کوردستان زۆر بەرزە، ئەوەی من بینیم لەو ماوەیە ئەو ناوچەیە زۆر پێشکەوتووە لەگشت روویەك.

***لە ماوەی مانەوەت بۆچوونت چییە لەسەر کوردستان؟**

-بەڕاستی وڵاتێکی زۆر جوان و خۆشە، لێرە هەموو شتێك لە پێشکەوتنە، بە هیوای ئەوەم جارێکی تر بگەڕێمەوە ئەو هەرێمە جوانە.

*** ئەگەر یانەیەکی کوردستان داوات لێ بکات ئامادەی بێیتە کوردستان یاری بۆبکەی؟**

-لەو باوەڕەدا نیمە بتوانم بێمە کوردستان، چونکە ناتوانم لە دایك و باوکم جیا ببمەوە.

***بەهیوای ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

-بە دڵنیایەوە دەگەڕێمەوە.

***بۆچوونت لەسەر خەڵکی کوردستان چیە؟**

-بەڕاستی خەڵکی زۆر باش لێرە هەیە بە تایبەتی خەڵکی شاری هەولێر کە زۆر غەریب دۆستن.

***هیچ کێشەو گرفتت تووش نەبوو لەم ماوەیە؟**

-نەخێر هەموو کار ئاسانییەکیان بۆمان ئامادە کردبوو، لێرەوە سوپاسیان دەکەم.


***دوا وتەت ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-تەنیا خۆشەویستیم بۆئێوەی خۆشەویست کە زۆر رێزیان لە ئێمە گرت.

جەمالەدین مۆسۆڤیچ تایبەتە بەگوڵان:

# وەکو راوێژکار کاردەکەم

جەمالەدین مۆسۆڤیچ لە دایکبووی ١٩٤٤ وڵاتی بۆسنیایە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سرایڤۆیە و یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی یۆگسلاڤیا بووە و ٢٠ یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە و لە چەندین یانە یاری کردووە و لە ساڵی ١٩٨٠ رووی لە بواری راهێنەرایەتی کردووە و لە جامی جیهانی ١٩٩٠ یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی یۆگسلاڤیا بووە و راهێنەری چەندین یانە بووە لە ناوچەی کەنداو و هەروەها راهێنەری هەردوو هەڵبژاردەی قەتەر و بۆسنە بووە و توانی جامی کەنداوی ١٧ لەگەڵ هەڵبژاردەی قەتەر بە دەستبهێنێت، لە یاریگەی «سەد» دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئەم راهێنەرە ئەنجامدا.





*** لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا ٢٠١١دا ئاستی هەڵبژاردەی عێراقت چوون بینی ؟**

- ئەوەی راستی بێت نازانم ئاستی ئەم هەڵبژاردەیە چۆن بوو، زۆر دڵنیا نیم، چونکە بە بۆچوونی خۆم هەڵبژاردەی عێراق هەڵبژاردەیەکی بەهێزە و خاوەنی یاریزانی بەتوانایە، هەرچەندە راهێنەری هەڵبژاردەکە چەند گۆڕانکارییەکی لە پێکهاتەی تیپەکەی ئەنجامداوە، بەڵام زانیارییەکی تەواوم لەسەر یەکێتی تۆپی پێی عێراق نییە، بە بۆچوونی خۆم هەڵبژاردەی عێراق دەتوانێت هەڵبژاردەیەکی بەهێز بۆ ئایندە دروست بکات و ئاستیان باشتر بێت بە مەرجێك پلانێکی توکمەیان بۆ دابرێژرێت.

*** بۆچی تا ئێستا راهێنەرایەتی هیچ یانە یان هەڵبژاردەیەك ناکەیت؟**

- ئەوەی راستی بێت ئێستا لە یەکێتی تۆپی پێی قەتەر کاردەکەم وەکو راوێژکار و حەز دەکەم لە شاری دۆحە ژیان بەسەر ببەم بۆیە حەزناکەم لە دەرەوەی قەتەر راهێنەرایەتی هیچ یانە و هەڵبژاردەیەك بکەم.

*** بە گشتی ئاستی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئاسیا چۆن بوون؟**

- ئەوەی راستی بێت دەبوایە ئاستی یاریزانەکان لەوەی کە پێشکەشیان کرد بەرزتر بووایە، چونکە زۆربەی یاریزانەکان لە خولەکانی ئەوروپا یاری دەکەن و خاوەن ئەزموونێکی باشن و هەروەها ئەم پاڵەوانیەتییە لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا بوو دەبوایە رکابەرییەکان لە نێوان هەڵبژاردەکان بەهێزتر بووایە و ئاستێکی باشتریان پێشکەش بکردبایە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەنا بەخوا بارودۆخی عێراق باشتر دەبێت و ئارامی و سەقامگیری دەچەسپێت، ئێمە لە وڵاتی بۆسنە بە هەمان بارودۆخی سەخت تێپەڕین و هیوای سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەخوازم.

**ئا: رێبین رەمزی**

## بۆرا میلۆتنۆڤیچ تایبەت بە گۆڵان:

# هیچ گرێبەستێکم پێشکەش نەکراوە

**بۆرا میلۆتنۆڤیچ تەمەن ٦٤ ساڵ یەکێکە لە راهێنەرە هەرە بە تواناکانی جیهان، ئەم راهێنەرە خەڵکی وڵاتی سربیایە تاکە راهێنەرە لەسەر ئاستی جیهان، کە بتوانێت پێنج هەڵبژاردە بگەیەنێتە جامی جیهانی ئەویش هەڵبژاردەکانی مەکسیك (١٩٨٦) و کۆستاریکا (١٩٩٠) و ئەمەریکا (١٩٩٤) و نێجیریا (١٩٩٨) و چین (٢٠٠٢) و خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لە بواری راهێنەرایەتی، لە هەمانکاتدا لە ساڵی ٢٠١٠ راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بوو لە جامی کیشوەرەکان، دوای ئەوەی شاندی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لەسەر ئەرکی دکتۆر کامەران رەهبەری و بە هاوکاری لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان چوونە قەتەر بۆ رووماڵکردنی جامی نەتەوەکانی، ٢٠١١ دوای کۆتایی هاتنی یاری پلەی سێیەم و چوارەم لە یاریگەی سد، چاومان بە راهێنەر بۆرا کەوت لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.**



پەیامنێری گوڵان لەگەڵ بۆرا

*** ئایا لە بەرنامەتدا هەیە دووبارە ببیەوە راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق؟**

- نەخێر، لە پرۆگرامم دانییە بگەرێمە هەڵبژاردەی عێراق، چونکە هەڵبژاردەی ناوبراو راهێنەری خۆی هەیە، هەرچەندە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ خەڵکی عێراق و هەڵبژاردەی عێراق و یاریزانەکان هەیە و پێویستە پشتگیرییەکی تەواوی ئەم هەڵبژاردیە بکەن لە پێناو پێشکەوتنی تۆپی پێی عێراق.

*** ئایا یەکێتی تۆپی پێی عێراق هیچ گرێبەستێکی پێشکەش کردووی بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی عێراق بۆ مۆندیالی ٢٠١٤ ئامادە بکەیت؟**

- نەخێر، یەکێتی تۆپی پێی عێراق هیچ گرێبەستێکی پێشکەش نەکردووم، لە هەمان کاتدا ئەم هەڵبژاردەیە خاوەن راهێنەرێکی باشە و خاوەن چەند یاریزانێکی بەتوانایە.

*** ئاستی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا ٢٠١١ چۆن بوو؟**

- ئاستی هەڵبژاردەی عێراق لە سەرەتای پاڵەوانیەتییەکە و هەروەها لە یارییەکەی هەڵبژاردەی ئوستالیا و عێراق، ئاستی هەردوو هەڵبژاردەی عێراق زۆر باش بوو، بەڵام نەیتوانی گۆڵ تۆمار بکات تەنیا بە هەڵەیەکی هێڵی بەرگری هەڵبژاردەی ئوسترالیا توانی گۆڵی سەرکەوتن تۆمار بکات.

*** بۆچی لە یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا ئامادەبووی؟**

- هۆکاری ئامادە بوونم لە قەتەر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە لەم وڵاتەدا کاری بارزگانی دەکەم.

*** ئایا لە داهاتوودا تۆ لەگەڵ مانەوەی سیدکای وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق؟**

- ئەمە کاری من نییە، بەڵام پشتگیرییەکی تەواو لە بڕیارەکانی سەرۆك و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەکەم..

*** ئایا یانەکان و یاخود هەڵبژاردەکان هیچ گرێبەستییەکان پێشکەش کردووی؟**

- نەخێر، هیچ گرێبەستێکم پێشکەش نەکراوە، هەرچەندە باس لەوە دەکرێت، کە چەند یانەیەك گرێبەستیان پێشکەش کردووم، بەڵام هەمووی لە راستی دوورە و پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ یانەکاندا هەیە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی جەماوەری عێراق دەکەم،





# تیپی ماکلارین ئۆتۆمبیلە نوێیەکەی ئاشکرا کرد




بەمەبەستی خۆئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانیەتی فۆرمولا وان بۆ وەرزی داهاتوو، تیپی ماکلارین مرسیدس ئۆتۆمبیلە تازەکەی ئاشکرا کرد، کە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر دروست کراوە و دەتوانن بەم ئۆتۆمبێلە رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی ئەم پاڵەوانیەتییە بکەن، ئۆتۆمبێلەکە ناوی (26-mp4)ە، و هەروەها تیمی ماکلارین مرسیدس لە کاتی ئاشکرا کردنی ئۆتۆمبێلەکە تەئکیدی لەوە کردووە تایە نوێیەکانی ئەم ئۆتۆمبیلە تاکاتی پێشبڕکێییەکان ئاشکرا ناکات.لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا جاستۆن باتۆن شۆفێری دووەمی تیپەکە گوتی: زۆر خۆشحاڵم بەم ئۆتۆمبێلە تازەیە و هیوادارم بتوانین نازناوی فۆرمولا وان بە دەستبهێنین و حەز دەکەم بە زووترین کات ئەم ئۆتۆمبیلە تاقیبکەمەوە.

## بە کورتی

* یانەی شەقڵاوە بۆ بەهێزکردنی تیپەکەی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر شاخەوان عومەر مۆرکردووە، هەرچەندە ئەم یاریزانە تەمەنی ٤١ ساڵە، بەڵام دەستەی کارگێڕی یانەکە متمانەیەکی تەواویان بەم یاریزانە هەیە بۆ ئەوەی تیپەکە لەم قەیرانە رزگار بکات و بتوانن بۆ وەرزی داهاتوو لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان بمێننەوە. هەفتەی رابردوو شاخەوان عومەر یەکەم یاری لەگەڵ یانەی شەقڵاوە دژی یانەی ئاسۆ ئەنجامدا بەمەش ناوبراو دەبێتە گەورەترین یاریزان لە خولەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی.

* هەفتەی رابردوو لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەك لە نێوان لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و سەرۆك و ئەندامانی یەکێتیە وەرزشییەکانی لقی هەولێر ئەنجامدرا بە مەبەستی چارەسەرکردنی چەند کێشەیەك و دانانی پرۆگرام بۆ ئەم یەکێتییەیان لە ساڵی ٢٠١١دا، لەم کۆبوونەوەیە سەفین کانەبی ئەمینداری دارایی لیژنەی ئۆلۆمپی و تاهیر سابیر بەرپرسی نووسینگەی وەرزشوانان و یانەکان ئامادەبوون، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ هەموو ئاستەکان دەبێت هەر یەکێتییەکی وەرزشی چوار چالاکی لەم وەرزەدا ئەنجام بدات، جگە لەوە دوو خولی بەهێزکردن بۆ راهێنەران و ناوبژیوانانی یارییەکانیان لەم وەرزەدا، ئەنجام بدەن و هەروەها بڕیار درا هەموو یەکێتییە وەرزشییەکانی لقی هەولێر بۆ کڕینی کەل و پەل و پێداویستییەکانیان بڕی ٥٠٠ هەزار دیناریان پێببەخشرێت و هەروەها مووچەی مانگانەی سەرۆك و ئەندامان و راهێنەرانی یەکێتییە وەرزشییەکان زیاد کرا. جێگەی باسە ٢٢ یەکێتی وەرزشی لقی هەولێر ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

* بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی یاری تێنسی سەرزەوی لەهەرێمی کوردستاندا، هەفتەی رابردوو هەریەکە لە د.کامەران رەهبەری بەرێوەبەری کۆمپانیای پارسیانی مەرکەزی و وریا عەبدولقادر سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تێنسی سەرزەوی کوردستان لەئۆفیسی کۆمپانیای پارسیان لەهەولێر پرۆتۆکۆڵێکیانیان مۆرکرد و ناوەڕۆکی پرۆتۆکۆڵەکە (٩) خاڵی لەخۆگرتووە کە گرنگترینیان: دروستکردنی چەند یاریگایەك وەك سەرەتا لەهەولێری پایتەخت و میواندارێکردنی هەڵبژاردەی تێنسی سەرزەوی هەرێمی کوردستان (کچان و کوڕان) بۆ پاڵەوانیەتییەك لەکۆماری ئیسلامی ئێران و کردنەوەی خولەکانی راهێنەری و ناوبژیوانی لەهەولێر و هاتنی (١٥) یاریزانی ئێرانی و ئاسیایی لەکچان و کوڕان بۆ کردنەوەی پاڵەوانیەتییەکی تایبەت لەهەولێر. لەمبارەیەوە د. کامەران رەهبەری وتی: وەك کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان ئەم یاریگایانە بەنیوەیی بۆ یەکێتی تێنسی سەرزەوی دروست دەکەین و ژمارەی ئەم یاریگایانەی کە لەشارەکانی هەرێم و قەزاکان دروستی دەکەین (١٧) یاریگا دەبێت و لەمانگی ئادار هەڵبژاردەی تێنسی سەرزەوی هەرێمی کوردستان لە(کچان و کوڕان) داوەتی ئێران دەکەین تاوەکو بەشداری لەپاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی فەجر بکەن و لەمانگی نیسان خولەکانی راهێنەری و ناوبژیوانی لەهەولێر دەکەینەوە و، (١٥) یاریزانی یاریبەکەش لەئێران و وڵاتانی تری ئاسیا دەهێنینە هەولێر. لەلایەن خۆشییەوە وریا عەبدولقادر وتی: بۆ یاریگاکان (٨٠٠٠) مەتر دووجا زەویمان لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە بۆ تەرخانکراوە






## یاریزانێکی بەڵـ






# پیکیه رایگەیاند پێوەندی لەگەڵ شاکیرا هەیە



دوای کۆتایی هاتنی جامی جیهانی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا رۆژنامەکانی ئیسپانیا باس لە پێوەندی خۆشەویستی نێوان یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە پیکیه و گۆرانیبێژی بەناوبانگی کۆڵۆمبی شاکیرا دەکرد، بەڵام نە پیکیه و نە شاکیرا هیچ لێدوانێکیان لەمبارەیەوە نەدەدا، کەچی لەم چەند رۆژەی دواییدا جیرارد پیکیه لە ماڵپەری تایبەتی خۆی لە فیسبوک وێنەیەکی بڵاوکردەوە، کە بە بۆنەیساڵیادی لە دایکبوونی ئاهەنگی گێرابوو، لەم وێنەیە چەند هاوڕێیەکی یاریزانی ناوبراو بە دی دەکرێن وەکو پیول و کچە هاوڕێیەکی مالینا کۆستا لە وێنەکەدا شاکیراش دەبینرێت. هەرچەندە ئەم ئاهەنگە بە بۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی پیکیه بوو، بەڵام گۆرانیبێژی بەناوبانگ شاکیرا لە هەمان ئاهەنگەکدا ساڵیادی لە دایکبوونی خۆی گێڕا، چونکە هەردووکیان لە ٢-٢ لە دایکبووینە.جێگەی باسە شاکیرا بەشێوەیەکی سەیر لە خۆشەویستی پێشووی کە کوری سەرۆکی ئەرژەنتین بوو جیا بۆوە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە هۆکاری جیابوونەوەی شاکیرا جیرارد پیکیه بووە.



# پاڵەوانیەتی پاریس لە تێنسی سەر زەوی دەستپێیکرد

رۆژی یەکشەممە ١٣ی مانگ لە شاری پاریس پایتەختی فەرەنسا پاڵەوانیەتی پاریس بۆ تێنسی سەر زەوی بە بەشداریکردنی ٣٠ یاریزان لەسەر ئاستی پیاوان دەستپێکرد، کۆی خەڵاتەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە دەگاتە ٦١٨ هەزار دۆلار، چاوەروان دەکرێت بۆ بە دەستهێنانی نازناوی ئەم خولە لەم پاڵەوانیەتییە رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یاریزانەکان دروست ببێت. لە لایەکی ترەوە دوێنێ یەکشەممە بە بەشداریکردنی ٣٢ یاریزان لە ئەمەریکا پاڵەوانیەتی ممفیس کراوە دەستپێیکرد، کۆی خەڵاتەکانی ئەم یارییە دەگاتە ٢٢٠ هەزار دۆلار.

# ئیلینا ئیسنبایڤا گەڕایەوە نێو گۆڕەپان و مەیدان



کچە یاریزانی رووسی و پاڵەوانی جیهان لە خۆهەڵدانی بە دار، ئیلینا ئیسنبایڤا دووبارە گەڕایەوە نێو پاڵەوانیەتیە نێودەوڵەتییەکان. دوای ئەوەی بریاری دابوو بۆ ماوەی یەك ساڵ پشوو وەربگرێت، بۆیە ئیلینا ئیسنبایڤا خاوەن ژمارەی پێوانەیی لەم یارییە بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکدا کرد، کە لە وڵاتەکەی ئەنجامدرا و لە پاڵەوانییەتییەدا توانی ملوانکەی زێر بە دەستبهێنێت.
لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەنووسان ئیلینا ئیسنبایڤا گوتی: ئێستا من خاوەنی ٢٧ ژمارەی پێوانەیم لەم یارییەدا و هەوڵ دەدەم ژمارەی ئەفسانەی ئەم یارییە توکرانی بۆبکا بشکێنم، کە خاوەنی ٣٥ ژمارەی پێوانەییە.
جێگەی باسە لەسەر ئاستی ئافرەتان ئیلینا ئیسنبایڤا بە ئەفسانەی خۆهەڵدانی بە زانە لە جیهان دەناسرێت.


# ...ـژیکی بەشداری لە ٣٦٥ ماراسۆن دەکات



یاریزانی بەلژیکی ستیفان ئینگلز توانی ژمارەی پێوانەیی بشکێنێت دوای ئەوەی لە یەك ساڵدا بەشداری لە ٣٦٥ ماراسۆن کرد، لەمبارەیەوە رادیۆی بی بی سی رایگەیاند، کە ئینگلز بە پیاوی ماراسۆن ناسراوە، ماوەی ساڵێکە بەشداری لە گشت پێشبڕکێکانی ماراسۆن دەکات، کە لە ٧ وڵاتی جیاجیا ئەنجامدرا و دواین ماراسۆن کە بەشداری تێداکرد، لە شاری بەرشلۆنە بوو و توانی ژمارەی پێوانەیی بشکێنێت، ئەم یاریزانە لە کۆی گشتی راکردنەکانیدا توانی ١٥ هەزار کیلۆمەتر لە ماوەی ساڵێکدا رابکات. ستیفان ئینگلز تەمەن ٤٩ ساڵە و لە منداڵیەوە نەخۆشی رەبۆی هەبوو بۆیە دکتۆرەکان رێگایان نەدا وەرزش ئەنجام بدات، چونکە مەترسی لەسەر ژیانی دەبێت.

# یاری لەشجوانی لە ک


**یاری لەشجوانی یەکێکە لە یارییە پڕجەماوەرییەکان، لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستان بگرە لەسەرئاستی عێراقیش گرنگی تەواوی پێ دەدرێت .لەلایەن شارەکان ژمارەییەکی زۆر لە گەنجان ئارەزوویان بۆئەم یارییە زیادی کردوە،یاریزانانی شارەکانی کوردستانیش خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاون لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی،لەم بارەشەوە ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامدا.**



لە بارەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بورهان عەلی سەرۆکی یەکێتی لەشجوانی کوردستان وتی «لە ئێستادا ئاستی ئەم یارییە زۆر باشە لە کوردستان،بەرەوو پێشچوونی باشی بە خۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی کوردستان،ئێمەش بەردەوامین لە کارکردن بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی ئەم یارییە . ئێستادا خەریکی سەردانی کردنی هۆڵەکانی شارەکانین ئەوەی کە مۆڵەتی نیە مۆڵەتی پێ دەدەین،وتیشی ئەو ڕاهێنەرانەی لە هۆڵەکان مەشق دەکەن،دەبێت خاوەنی بڕوانامەبن یان دەبێت پاڵەوانبن لەسەر ئاستی عێراقی یان کوردستان یان دەبێت هۆڵەکان،ئامادەبن لە ڕووی یاساییەوە،لە ئێستادا خەڵکی زۆر ڕووی لەم یارییە کردوە لە هەمووکوردستان بە تایبەتی لە شاری هەولێر،وتیشی نزیکەی ١٠٠هۆڵ هەیە لە هەمووکوردستان، کێشەیەکی وامان نیە تەنیا کێشەی ئێمە کردنەوەی پاڵەوانیەتیە،لیژنەی ئۆلۆمپیش هاوکاری باشمان دەکەن .بۆکردنەوەی پاڵەوانیەتیەکان،لە بارەی ئافرەتانیش وتی ئێستا ئافرەتان وەرزش دەکەن .بەڵام وەرزشی ئەوان لەش ڕێکیە نەك لەشجوانی بە تایبەتی بۆئەو ئافرەتانەی کە کێشیان زۆرە یان کێشەی تەندروستیان هەیە بەو وەرزشە چارەسەر دەکرێن .

دانا جومعە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی لەشجوانی وتی «ئاستی ئەم یارییە زۆر لاواز بووە چونکە کردنەوەی پاڵەوانیەتی کەمە هۆکاری نەکردنەوەی پاڵەوانیەتیەکانیش بۆحکومەت دەگەڕێتەوە پێویستە حکومەت زیاتر گرنگی بە یانەکان بدات بەتایبەتی یاری لەشجوانی،وتیشی ئێستا زۆربەی یارییە جۆراوجۆرەکان ئاستیان دابەزیوە چونکە پشتگیری مادی بۆیانەکان نیە،بۆپاڵەوانیەتیەکانیش یانەکان تیپیان ئامادەنیە چونکە پارەیان نیە کەوا بەشداری پێ بکەن .بودجەی ئەو یارییانە نیە،یانەکانیش ئەو توانایەیان نیە بۆهەموو یارییە جۆراوجۆرەکان پارە دابین بکات .نەك یاری لەشجوانی بەڵکو هەموو یارییە تاکەکان ئاستیان نزمە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیەکان کەمە و یانەکانیش کەم بەشداری دەکەن.داواکارم لە وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان یانەکان کەم کاتەوە یان بودجەیان بۆزیاتر بکات.هەر چەندە پارەیەکی باش هەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بەڵام یانەکان لەسەر پێوەری ساڵی ١٩٩٠هەڵسەنگێنراون،وتیشی ئەم یارییە لەسەر ئاستی هەولێریش نزم بووە،وتیشی ئێستا خەڵکێکی زۆر پارەی خۆی دەدات بۆئارەزووی خۆی یاری دەکات نەك بۆئەوەی ببێتە یاریزان و بەشداری خولەکان بکات .وتیشی یاریزانەکانی ئەم یارییە پارەیەکی زۆر لە خۆیان دەدەن،بەڵام کەلەبەرامبەر ئەمە شتێك نەبێت بۆچی خۆمان ماندووبکەین .بۆیە ئارەزوویەکی وای نامینێت بۆیارییەکە،وتیشی ئافرەتانی ئێمە بۆکەمکردنەوەی کێشی لەشیان ئەم وەرزشە دەکەن .وتیشی ئافرەتی کەم کێشیش وەرزش دەکەن .زۆر ئافرەتی نەخۆشیش چارەسەر دەکرێن بەم وەرزشە .بەس بەشێوەی پسپۆڕی .

پێشکەوت عەبدولوەهاب یاریزانی یانەی قەڵا وتی «ئاستی ئەم یارییە وەکو پێویستە لە کوردستان،بەڵام گرنگی نیە بۆیە ئێمەش وەکو یاریزانان بێزاردەبین



# ـــــوردستان له چ ئـاستێکه

ههرمهشـق بکهیـت بهبـێ کردنـهوهی پاڵهوانیهتی،بۆیـه پێویسـته لهسـهر بهرپرسـانی ئـهم یارییه له کوردسـتان گرنگی زیاتر بهکردنـهوهی پاڵهوانیهتی بدرێت .بۆئـهوهی یاریزانـان ئارهزوویان زیاتر بێت بۆیارییهکه،ئهگهر پاڵهوانیهتی زۆر بکرێتهوه یاریزانان زیاتر ئاشنایهتیان لهگهڵ ئهم یارییه دروست دهبێت،بهڵام که یاریزان بۆئـهم یارییه خۆی ماندوو بکات وهیـچ پاڵهوانیهتیهك نهبێت .بێ گومان یاریزانانیش لهم کاته ههست به ماندویهتی دهکهن وئارهزوویـان بۆیارییهکه نامێنێ و یارییهکه له پاشهکشه دهدات .

سـهردار ئیسـماعیل پاڵهوانی جیهانی وتی «ئهوهی من دهیبینم ئێسـتا ئاستی یاری لهشجوانی له کوردستان لهو پهڕی بهرزیدایه،چونکـه چهندین یاریزانمان له پاڵهوانیهتـی جیهانی بهشـدارن ئهوهش ڕاسـتی قسـهکانمه و بهڵام بایهخ کهم بهم یارییـه دهدرێت،بهتایبهتی لهلایهنی بهرپرس،ئهگهر بشـمانهوێ ئاسـتی ئهم یارییه بهرز بکرێتهوه له کوردستان پێویسته پشتگیری مادی و مهعنهوی یاریزانانی ئهم یارییه بکرێت،وتیشـی کردنهوهی ئهو ههموو هۆڵـه هیچ گرنگیهکی نیه،ئێمه لهگـهڵ کردنهوهی هۆڵـی لهش جوانین بهڵام با بهشێوهی زانسـتی وئهکادیمی بێت،زۆربـهی ئـهو هۆڵانهی ئێسـتا کراوهتهوه له کوردسـتان مهبهسـتێکی بازرگانی بهدواوهیه،مهبهسـتهکه پارهیه و ئێسـتا ئـهوهی ههڵدهسـتێ هۆڵێك دهکاتهوه،کردنهوهی هۆڵیش دهبێت،یهکێتی لهش جوانـی کوردسـتان مۆڵهتی پێ بدات .بهڵام دهست کاری دهکرێت لهلایهن چهندیـن شـوێن وهکو حـزب و لایهنی تریش،کارهکانیـش بۆمۆڵهتـدان به زۆر دهکرێت،کردنـهوهی هۆڵهکانـی ئافرهتانیـش ئهوهش مهبهسـتێکی لهدواوهیه هیـچ گرنگیهك به وهرزشهکه ناگهینێ .



جـهواد جهعفهر یابـه ڕاهێنهری هۆڵی بههێزتریـن پیاوانـی کوردسـتان وتی «ئاسـتی ئهم یارییه له کوردستان زۆر باش نیه،چونکـه هیچ گرنگیهکی وای پێ نادرێت .چونکه یهکێتی لهشـجوانی کوردسـتان گرنگیهکی وای پێ نادرێت که شـایهنی باسکردن بێت و ههر کهس و بۆخۆی ههوڵ دهدات و ههوڵ بۆهۆڵهکهی خۆی دهدات،پاڵهوانیهتی ناکرێتهوهو هیچ پارهیهك سهرف ناکرێت، یان پاره کهسهرهف دهکرێت، پارهکه دهخۆرێت وهیچ کهسێك نیه پشتگیری ئهم یارییه بکات،هیچ کهسێك بایـهخ به یاریزانانی لهشـجوانی نادات ووتیشـی چهندین یاریزانـی بهتوانامان ههیه که پاڵهوان بـوو خاوهنی مهدالیایه نوسـراوێکی بۆکۆلیـژی پـهروهردهی وهرزشـی دهکات، نوسـراوهکه کاری پێ ناکرێت، وتیشی ئێمه خۆمان وامان کردوه ئهم یارییه له پاشـه کشه بکات .ئهگهر ئێمه پاڵهوانیهتی بهردهوام بکهینهوه یانهکان گرنگی بهم یارییه بدهن،ئهوه ئاستی ئهو یارییهش لهبهرز بوونهوه دهبێت .بۆیه من پێشـبینی ناکهم له ئێسـتا ئاستی ئهم یارییه هیچ پێشوه چونێکی بهخۆیهوه بینیێ،ههر کهسـهوه ههڵدهستێ و دهڵی من خـاوهن بڕوانامهو پسپۆڕی یارییهکهم .واش نیه بۆیه ئاستی یارییه پێشکهوتنی بهخۆیـهوه نابینـێ ههرکهس ولایهنێك ههڵدهستێ هۆڵێك دهکاتهوه به واستهکاری .کهسێك که له خهمی وهرزشی لهشجوانی نییه.



راپۆرتی :كارزان كانهبی